# پاڤلۆڤ



ئەم پیاوە باشە، زانایەکی دەروونناسی بوو، خەڵکی روسیا بوو، لە خێزانێکی جووتیاری هەژاردا لە دایک ببوو، بێ ئەوەی بچێتە قوتابخانە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، لەلایەن پیرەژنێکەوە کە بەخێوی ئەکرد دەستی بەفێربوون کرد، پاڤلۆڤ تا تەمەنی ١٥ ساڵی نەچووبوە مەکتەب، چونکە نەخۆش بوو. بەڵام دوایی کەچوو، زۆر زیرەک بوو، لە قوتابخانەدا ئەچووە کتێبخانە و .. کتێبی ئەخوێندنەوە، هەر لەوێ چەندین جار کتێبی (فەسلەجەی زانستی) خوێندۆتەوە.

ئامادەکرنی:
سەردار ئەسعەد

پاڤلۆڤ، لە ساڵی ١٨٧٥ زانکۆی «سان پترسبۆرگی» تەواوکرد. ئەوکات ئەم زانکۆیە زۆر بەناوبانگ بوو، بەتایبەتی لەفەسلەجەدا.
لە ١٨٧٩ دا زانستگای سەربازی تەواوکرد. و ل ١٨٨٣ دا دکتۆرای لە پزیشکایەتی بەدەسهێنا. لە ١٩٠٣ دا لە مەدرید بەشداری کۆنگرەیەکی زانستی کرد، لەوێ باسێکی لەسەر «کاردانەوەی مەرجداری» پێشکەشکرد. لە ساڵی ١٩٠٤ دا لەسەر ئەم باسە خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا.
بۆ یە مندالێ خۆشەویستەکان، تەماشاکەن هەرچەندە پاڤلۆڤ درەنگ چۆتە مەکتەب و نەخۆشیش بووە، بەڵام چونکە بایەخی بەکتێب و کتێبخانە و خوێندنەوەی دەرەوە داوە، ناودار بووە، دەی .. بەڵکو ئێوەش وەک پاڤلۆڤ ببنە زانا و ناودار بێن و شتی باش پێشکەش بەمرۆڤایەتی بکەن.